TARAWGA

تاراوگە

TARAWGA


# KURDISH DIASPORA

تاراوگە بڵاوکراوەیەکی ئەلکترۆنیی ناوبەناوە، لە شاری ئەمستردام لە هۆڵەندا دەردەچێت، ژمارە 1ی لە ڕۆژی 01-06-2018 بڵاوبۆتەوە.

سەردار فەتاح ئەمین سەرپەرشتی دەکات.

**20 Nov. 2018 No. [21]**

Amsterdam, Netherlands, Editor: Sardar Fatah Amin -Email: Sardarfatah@live.nl Tel: +31 684950807


**لە تاراوگە، بابەتی کەلتوری هەمەجۆر و هەواڵی ئەدەبی و هونەری بخوێنەوە**


نوسەری ناسراوی کورد، حەکیم کاکەوەیس لە بەغداد کۆچیدوایی کرد... ل1

لە یادی دروستکردنی شاری سلێمانییدا ,چەند پەرەگرافێک لە پێشەکی کتێبی "کۆمەڵگا و غەریبەکانی ,، دکتۆر مەریوان قانع ل 2

سەرمایەی نەتەوەیی بناغەی سەربەخۆیی نەتەوەییە ،چۆن لە جیهاندا وەک دەوڵەمەندێک دەناسرێیت؟ دکتۆر نەهرۆ عەلی .... ل3

سەبارەت بە نمایشکردنی تەرمی کوردان لە مێژووی دەوڵەتی توركدا... بەکـر شـوانی ل 4


KURDISH DIASPORA



شێوەکار ئیحسان موحێدین: ل 8




تاراوگە
TARAWGA
بڵاوکراوەیەکی کوردیی هەواڵییە، لە هۆڵەندا دەردەچێت
سەردار فەتاح ئەمین
سەرپەرشتی بڵاوکردنەوەی دەکات
Amsterdam Holland
Tel&viber&WhatsApp: +31684950807
20 November 2018
ساڵی یەکەم 20 نۆڤیمبەری 2018 ژمارە 21

Emai: sardarfatah@live.nl

# نوسەری ناسراوی کورد، حەکیم کاکەوەیس لە بەغداد کۆچیدوایی کرد



بەداخ و پەژارەیەکی زۆرەوە سەر لە ئێوارەی ڕۆژی 18ی تشرینی دووەمی 2018 نوسەر و وەرگێڕ و زمانزانی کورد مامۆستا (حەکیم کاکەوەیس)، نیشتەجێی وڵاتی سوید، پاش ماوەی زیاتر لە چوار ساڵ بە توشبوونی بە نەخۆشی شێرپەنجەی خوێن، لە شاری بەغدا کۆچی دوایی کرد. یەکێک لە خانەوادە نزیکەکەنی حەکیم کاکە وەیس هونەرمەند ئیحسان موحیێدین کەرکوکی نیشتەجێی شاری ئەمستردام بە بڵاوکراوەی تاراوگـــە ڕاگەیاند، مامۆستا (حەکیم کاکە وەیس)ی میمکزای ماوەی چەند ساڵێکە تووشبووە بە شێرپەنجەی خوێن و چەند جارێک بۆ چارەسەر گەڕاوەتەوە بۆ وڵاتی سوید و ماوەی دوو ڕۆژە بە مەبەستی چارەسەر وەرگرتن سەردانی بەغدای کردووە،

ئێوارەی ڕۆژی 18-11-2018 کاتژمێر هەشت هەر لەوێ کۆچی دوایی کردووە. شایانی باسە تەرمەکەی گەڕێندراوەتەوە، گوندی حەسار لەباکوری شاری کەرکوک و لە زیدی باوک و باپیری بە خاک سپیردراوە و پرسەکەشی لە گوند حەسار دەبێت.

حەکیم کاکەوەیس ساڵی 1949 لە گوندی حەساری گەورەی شاری کەرکوک لە دایک بووە. ساڵی 1957 چۆتە قوتابخانەی سەرەتایی لە گوندی دارەمانی هاوسێ گوندیان. ساڵی 1973بەشی بیرکاری زانکۆی سلێمانی تەواو کردووە. بەشێک لە ژیانی لە باشوری کوردستان و بەشێکی لە وڵاتی سوید لە ساڵی 1984ەوە گوزەراندووە ، تا ساڵی ٢٠٠٠ پاش خانەنشین بوونی بە هۆی نەخۆسی دڵەوە، گەڕاوەتەوە کوردستان خۆی بۆ کاری نوسین و وەرگێران تەرخان کردووە، جگە لە وەرگێڕانی کتێبە عەرەبییەکانی مامۆستا (مەسعود محەمەد) بۆ کوردی، کۆمەڵێ کتێب و ڕۆمانی لە زمانی سویدییەوە کردووە بە کوردی و چەند کتێبێکی هزری نەتەوایەتییشی لە نوسینی خۆی بڵاوکردۆتەوە. ڕۆمانە جیهانییەکانی وەک گورگی ڕووتەڵان لە سوێدییەوە بۆ کوردی وەرگێڕاوە ، کۆلارەوان بەرهەمی ڕۆماننوسی ئەفغانی خالید حوسێنی، و 1984ی جۆرج ئۆروێل، ڕۆمانی بەزمی تەگەکە، نووسینی ماریۆ بارسا یووسا، لە گرنگترین کارەکانی مامۆستا (حەکیم کاکە وەیس)ن، هەروەها ڕۆمانی تەونی جاڵجالۆکە، نەتەوایەتی کورد و ئیسلامێتییەکەی. دوا بەرهەمی وەک مامۆستای چیرۆکنوس (جەلیل کاکە وەیس)ی مامی ڕایگەیاند، ڕۆمانێکە لەسەر مێژووی کورد بە ناونیشانی (دایکە دەهدور)، کە هێشتا چاپ نەکراوە. بە ناوی بڵاوکراوەی تاراوگـــە)ەوە، پرسەو سەرخۆشآی خۆمان ئاڕاستەی خانەوادە و نەواکانی مامۆستا حەکیم کاکە وەیس دەکەین، ڕەوانی شاد بێت.

داواکارین لە تێکڕای نوسەران و ڕۆشنبیران و گەنجان و خوێندەوارانی زمانزانی ئازیزی کورد لە تاراوگە، بابەتی کەلتوری هەمەجۆر و هەواڵی ئەدەبی و هونەریمان، لە زمانە زیندوەکانی وەک ئینگلیزی، ئەڵمانی، فەڕەنسی، هۆڵەندی، هتد.. بۆ وەربگێڕنە سەر زمانی شیرینی کوردی، تا بڵاوکراوەکەمانی پێ دەوڵەمەند بکەین. هەروەها داوا لە قوتابیان و خوێندکارانی زانکۆ و پیشەوەرە کوردەکان دەکەین، هەواڵی سەرکەوتن و پێشکەوتنەکانی خۆیانمان بۆ ڕەوانە بکەن، تا لە تاراوگەدا، بە سوپاسەوە بۆیان بڵاوبکەینەوە...

# لە یادی دروستکردنی شاری سلێمانییدا:
# چەند پەرەگرافێك لە پێشەکی کتێبی "کۆمەڵگا و غەریبەکانی"



دکتۆر مەریوان قانع






"شار لەم کتێبەدا،(کتێبی "کۆمەڵگا و غەریبەکانی")، یەکەیەکی شیکردنەوە و ڕاڤەکردنی گەورەیە کە شوێنی دروستبوونی دەیان دیاردەی کۆمەڵایەتیی و پرۆسە و ئاکار و فەرهەنگی نوێ و جیاوازە. کە باس لە شار دەکەم تەنها باس لە سەرزەمینێکی جوگرفایی گەورە و لە ژمارەی زۆری مرۆڤ و لە ئامادەگیی چەندەها بازاڕ و مۆڵ و پارک و چاپخانە و کتێبخانە و چاخانە و شتی دیکەی لەم باباتە، ناکەم بەتەنها، گەرچی هەموو ئەمانە دەرکەوتی گرنگی شارن و لەزیاد لە بابەتێکی ناو ئەم کتێبەدا بە وردی قسە لەسەر هەندێکیان کراوە، بەڵکو بەر لە هەموو شتێک باس لە ماف دەکەم. شار وەک ڕووبەرێک بۆ ماف، لەوانەش، بۆ نموونە، مافی هەبوونی شار، یان مافی بوونی "ماف لە شار"دا. لەهەموو ئەو دۆخانەدا کە باس لە شار دەکەم لەم دیدە تایبەتەی پێداگرتن لەسەر مافەوە باسی دەکەم، دیدێک کە دوو کۆمەڵناسیی بەناوبانگی وەک هێنری لۆفۆفێر و دیفید هارفی بە "مافی هەبوونی شار" ناویدەبەن. مافی هەبوونی شار، یاخود بوونی ماف لە شاردا، کۆمەڵێک مافی سەرەکیی دەگرێتەخۆی کە دەشێت بەم شێوەیە ریزیانبکەین: مافی هەبوونی ماڵ، هەبوونی ئاسایشی کۆمەڵایەتیی، هەبوونی کار، هەبوونی ئاستێک لە ژیانی گونجاو، هەبوونی شوێنی یاریی و پشوودان، توانای دەستگەیشتن بە زانیاریی، هەبوونی ئازادیی خۆڕێکخستن و کۆبوونەوە، هەبوونی ئاو و خۆراک، مافی هەبوونی توانای بەشداربوون و تەعبیرکردن لە خود، هەبوونی خزمەتگوزاریی تەندروستیی و خوێندن و پەروەردەو ڕۆشنبیریی، هەبوونی ژیانی تایبەت و ئاسیش، هەبوونی ژینگەیەکی پاکژ و تەندروست، هتد...ئەمە جگە لە مەسەلەی پاراستنی پلوراليزم و فرەڕەنگیی لە شاردا و پاراستنی مێژو و شوناسە فەرهەنگییەکەی شار و پاراستنی ژیانی کۆمەڵایەتیی لەناویدا. بە مانایەکی دیکە کە باس لە شار دەکەم وەک ماف، باس لە هەندێک پرنسیپی فیکریی و تیوریی موجەرد ناکەم، بەڵکو باس لە ئامادەگیی ئەم مافانەش دەکەم لە ناو سەرجەمی ئەو میکانیزمانەدا کە شار دروستدەکەن. بۆ نموونە لەم کتێبەدا من بەرگریی لە "ڕووبەری گشتیی" دەکەم وەک ڕووبەرێکی مافپەروەر، بەرگریی لە سیستمی خوێندن و فێربوون دەکەم وەک سیستمی دروستکردنی سەرتایەکی یەکسان و دادپەروەر بۆ هەمووان، بەرگریی لە ژیانێکی گشتیی دەکەم بێترس و فشاری دەرەکیی هتد... ئەم کتێبە لە ئاستە نۆرماتیف و پێوانەییەکەیدا بەرگریی لە بوونی جۆرە شارێک دەکات کە دانیشتوانەکەی وەک ڕێگر و بەربەست لەبەردەم پرۆژەکانیدا نەبینێت، شارێک دانیشتوانەکەی لێ زیاد نەبێت و وەک مرۆڤی زیادە وێنایاننەکات، بەڵکو پرۆژەکانی لە خزمەت و لە پێناوی دانیشتوانەکەیدا ئەنجامبدرێت. پێشکەوتن و تازەبوونەوەی ڕاستەقینەی شار مانای پێشکەوتن و تازەبوونەوەی دانیشتوانەکەی دەگەیەنێت، نەک پێشکەوتنێکی دەرەکیی کە فۆرمی گیتۆی کۆمەڵایەتیی و دابەشبوونی قووڵ و زیاتر و دروستبوونی ڕووبەری گشتیی نایەکسان و لەدایکبوونی دەزگای نادادپەروەر، بگرێتەخۆی. ئەو خاڵەش کە ئاراستەی ئەم دید و ڕوانینە بۆ شار دەکات، ئەو ڕوانینەی کۆمەڵناسی ئەمریکی بەناوبانگ "ڕۆبرت پارک"ە کە پێیوایە مرۆڤ لە پرۆسەی دروستکردنی شاردا کەسایەتی خۆشی سەرلەنوێ دروستدەکاتەوە. شار تەنها ڕووبەرێکی دەرەکیی نییە بەڵکو ڕووبەرێکی دەرونیی و ناوەکییە و ڕۆڵێکی گەورە لە دروستبوونی کەسایەتی مرۆڤدا دەبینێت. ئەم دیدەیە بۆ شار وادەکات، بۆ نموونە، دیاردەی خۆکوشتنی ئافرەتان لە کوردستاندا وەک دیاردەیەکی شاری ببینم و وەک بەشێک لەو فەزا و بەها و دۆخە سایکۆلۆژییە وێنایبکەم کە لە شارەکانی هەرێمدا دروستبوون و هاتونەتە کایەوە. وادەکات تەواو دژی ئەو پرۆسەی بەتایبەتیکردن و بەبزنسکردنەی سیستمی خوێندن بم کە ئەمرۆکە لە کوردستاندا سیستمی فێربوون و پەروەردەی وێرانکردوە. هتد"..

## تاراوگە بڵاوکراوەیەکە:

دەنگ و ڕەنگی هەموو کوردانی تاراوگەیە، بەبێ جیاوازی ئینتمای سیاسی و حیزبی، هەموو زانیاری و ئاگاداریەک و بابەت و هەواڵی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و هونەری بڵاودەکاتەوە، لە ئێستادا بە شێوەی ئەلەکترۆنی بڵاودەبێتەوە، تاراوگە بەرپرسیار نییە لە ناوەڕۆکی نوسین و ئینتمای سیاسی نوسەری بابەتەکان، چاوەڕێی نوسینە بە پێزەکانتانین.

# سەرمایەی نەتەوەیی بناغەی سەربەخۆیی نەتەوەییە

# چۆن لە جیهاندا وەك دەوڵەمەندێك دەناسرێیت؟



دکتۆر نەهرۆ عەلی
سەرۆکی ئینستیتوتی کەشەی ولات
بۆ لێکۆڵینەوەی ئابوری و دارایی

تاکو بچیتە نێو لیستی دەوڵەمەندەکانی جیهانەوە، پێویستە ناوەکەت لەسەر لاپەڕەکانی گۆڤاری (فۆربس (Forbes– بڵاوبکرێتەوە، ئەوەی شایانی ئاماژە پێدانە گۆڤاری فۆربس ساڵی 1917 لە ئەمریکا لە لایەن ڕۆژنامەنووسێکی بە ڕەچەڵەک سکۆتلەندی (بێرتی چارلز فۆربس (Bertie Charles Forbes–ەوە دامەزراوە ، ئەمڕۆکە ئەو گۆڤارە بە یەکێک لە گرنگترین بڵاوکراوە ئابووری و داراییەکانی جیهان لە قەڵەم دەدرێت ، یەک ملیۆن پەراوگە (نوسخە) ی تەنها لە ئەمریکا لێ چاپ دەکرێت ، جگە لەوەش بە زمانەکانی (ڕوسی ، ژاپۆنی ، چینی، ئیسپانی ، کۆری) و زۆر زمانی تریش، بڵاودەکرێتەوە.گۆڤاری فۆربس ساڵانە لە مانگی ئازاردا لیستی ناوی دەوڵەمەندترین کەسانی جیهان (ملیاردێرەکان) بڵاودەکاتەوە. ئەمساڵیش لە (2018/3/6) ناوی ملیاردێرو دەوڵەمەندەکانی جیهانی بڵاوکردۆتەوە، بە پێی ڕاپۆرتی گۆڤارەکە ، ژمارەی ملیاردەرەکانی جیهان زیادی کردووەو گەیشتۆتە (2694) ملیاردێر ، لەو ژمارەیە (571 ) کەس لە ئەمریکا (819) کەس لە چین ، (131) کەس لە هیندستان ، (118) کەس لە بەریتانیا ، (114) کەس لە ئەڵمانیا و (71) کەس لە ڕوسیاو...هتد. کە سەروەت و سامانەکانیان بە (7،67) ترلیۆن دۆلار مەزەندە دەکرێت. دەوڵەمەندترین کەسیش کە لە ڕیزی پێشەوەی لیستەکەیە ، (جیفر بیزۆن) خاوەنی کۆمپانیای (ئەمەزۆن (Amazon–ە ، کە سەروەتەکەی بە (123) ملیارد دۆلار مەزەندە کراوە ، دوابەدواش (بیل گێتس) خاوەنی کۆمپانیای مایکرۆسۆفت دێت ، کە سەروەتەکەی بە (102) ملیارد دۆلار مەزەندە دەکرێت ... ئەوەی جێگەی سەرنجە پێوەرو مەرجی سەرەکی گۆڤاری فۆربس لە بڵاوکردنەوەو ناساندنی دەوڵەمەندەکانی جیهان ، ئەوەیە کە ئەو سەروەت و سامانە دەبێت لە ئەنجامی چالاکی ئابووریدا لە بەدەست هاتبێت ، بە دەربڕینێکی دیکە پێویستە سەرچاوەکەی شەرعی بێت و خاڵی کرابێتەوە لە هەموو باج و ڕسوماتێک، بۆ زیاتر زانیاری لە سەر گۆڤاری فۆربس دەتوانیت سەیری ئەم سایتە (www.forbes.com)بکەیت. دوای ئەو پێشەکیە کورتە، دەمەوێت باس لە دەوڵەمەندەکانی کوردستان (هەرێمی کوردستان) بکەم، چونکە تاکو ئێستا جگە لە هەندێ زانیاری گشتیی و نا فەرمی و قسەی ئێرەو ئەوێ ،کەمترین لێکۆڵینەوەی لە سەر کراوە، ئەوەی کە دەبینرێت و هەستی پێدەکرێت و شاراوەش نییە، ئەمڕۆکە لە هەرێمی کوردستاندا بە سەدان دەوڵەمەند پەیدابوون. بەبۆچوونی من سەرەتای پەیدابوونی دەوڵەمەندەکانی کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی شەڕی ناوخۆ بە تایبەتی بە سود وەرگرتن لە بەرنامەی (خۆراک بەرامبەر نەوت) لە ساڵی 1996 دا، قۆناغی دووەم دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 2003، واتا دوای پرۆسەی ئازادکردنی عێراق لە لایەن ئەمریکاو هاوپەیمانەکانیەوە ، قۆناغی سێیەمیش لە ساڵی 2005 ەوە، دەست پێدەکات و تاکو ئێستاش بەردەوامە . نووسەری ڕۆژنامەی گۆڤاری وۆڵ ستریت (ڕۆبرت فرانک) ، دەوڵەمەندەکانی ئەمڕۆ لە پێنج گرووپدا پۆلێن دەکات: 1– دامەزرێنەرەکان: ئەو توێژە سەرمایەدارە دەگرێتەوە، کە بە پارەو سەرمایە و بیرۆکەی خۆیان و خێزانیان کۆمپانیای تایبەتیان دامەزراندووە، وەک بیل گێتس، شیلدۆن نادیلسۆن و مایکل دیل ...هتد.

2– پشکداریەتی: بریتین لەو بەڕێوەبەرانەی کە لە کۆمپانیا تایبەتەکان پشکیان هەیە و پێکەوە کۆمپانیای پشکداریێتی گشتیی پێک دەهێنن وەک ، کۆمپانیای گۆگڵ و فەیس بووک... 3– خاوەن کۆمپانیاکان: بریتین لە خاوەن پرۆژەکان، یان بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان، کە بەشێکی بزنسەکەیان بە کۆمپانیای تر یان بە کەسانی تر فرۆشتۆتەوە، بەرامبەر بە چەند پشکێک، یان بەرامبەر بەبڕە پارەیەک. 4– بەڕێوەبەرە سەرمایەگوزارەکان: ئەو سەرمایەدارانەن، کە لە ناو لافاوی گەرمی بازاڕو کڕین و فرۆشتنی دراو لە بۆرسەکاندا بەشێکیان بۆخۆیان گل داوەتەوە، بانکەکانی وڵ ستریت وەک پاداشت نزیکەی (36) ملیارد دۆلاریان بەو کەسانە بەخشیوە. 5– مووچە دارەبەرزەکان: بریتین لەو بەڕێوەبەرانەی، کە بۆ(Top Manager) ناسراون، کە هەندێک جار بڕی پاداشت و موچەکانیان لە ساڵێکدا خۆی دەدات لە 50 ملیۆن دۆلار بۆ سەرەوە. لێرەدا لە شوێنی خۆیەتی بپرسین، ئایا لەکام گروپ دەتوانین دەوڵەمەندەکانی هەرێمی کوردستان پۆلێن بکەین؟ دیارە وەڵامی ئەم پرسیارە هەروا ئاسان نییە، چونکە سەرمایەدارانی ئێمە بازاڕو چالاکی ئابوری دروستی نەکردوون و بەکردەوەش نازانین چەندن و کێن و چۆن سەروەتەکانیان کۆکردۆتەوەو کێ لە پشتیانە..؟ جگە لەوەش ئەندازە و بڕی سەروەت و سامانەکانیان نازانین، بۆ نمونە (گروپی فاروق، گروپی قەیوان، گروپی سەلاحەددین، گروپی زاگرۆس، گروپی جیهان و ...هتد)، لە هیچ شوێنێک داتایەکی ئەوتۆ دەربارەی خاوەنداریێتی و قەبارەی سەرمایەو بڕی فرۆشتن و بڕی قازانجی ساڵانەو زۆر شتی تریش نازانیین، بە واتایەکی تر زۆربەی زۆری سەرمایەدارو دەوڵەمەندەکانی کوردستان لە سێبەردان؟ بۆیە ناوی هیچ کەسێک لەو کەسانەی خاوەنداریێتی کۆمپانیا گەورەکانی کوردستان دەکەن لە لیستی دەوڵەمەندەکانی (گۆڤاری فۆربس) دا، نییە ؟ ڕەنگە زۆرینەی خەڵکانی کوردستان وەڵامەکەی بزانن، بە هەرحاڵ هەرچیەک و هەرچۆنێک بێت و بمانەوێت و نەمانەوێت، بە دەیان ملیاردێر لە کوردستاندا پەیدابوون و بۆتە ئەمرێکی واقع، بە بڕوای من چەند زووتر سەرمایەدارو دەوڵەمەندە گەورەکانی کوردستان بە شێوەیەکی شەفاف بتوانن خۆیان ئاشکرا بکەن، ئەوا پێش هەموو شتێک کوردستان و خەڵکانی کوردستان سودمەند دەبن، چونکە بەگەڕخستنی ئەو سەرمایە زۆرە لە ئابوری کوردستاندا، دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی ڕێژەی بێکاری و بەرزبوونەوەی داهاتی خەڵکی و کەم بوونەوەی پاڵەپەستۆ لە سەر کەرتی گشتیی و حکومەت، جگە لەوەش پێگەی کوردستان لە هاوکێشەو نەخشەی ئابووری جیهانیدا بەهێزتر دەبێت ، چونکە بوونی سەرمایەداری گەورەو ناسراو لە سەر ئاستی جیهان متمانەی سەرمایەگوزارە بێانیەکان و کۆمپانیا گەورەکانی جیهان زیاتر دەکات، بەو هیوایەی کە لە ڕاپۆرتی ساڵانەی (گۆڤاری فۆربس) چیتر ناوی ملیاردێر و ملیۆنەرەکانی کوردستانیش بچێتە پاڵ دەوڵەمەندەکانی جیهانەوە، ئەمەش لە تەک گشت سەروەریەکانی تری هەرێمی کوردستاندا دەبێتە جێگەی شانازی بۆ هەموو کوردێک ، چونکە ئەمڕۆ پێوەرە ئابووریەکان جێگەی پێوەرە سیاسیەکانیان لە هەڵسەنگاندنی پایەو پێگەی میللەتان گرتۆتەوە..

# سەبارەت بە نمایشکردنی تەرمی کوردان لە مێژووی دەوڵەتی تورکدا... بەکر شوانی




ئەمڕۆ وەزیری ناوخۆی تورکیا دەقاودەق ئەم لێدوانەی داوە: "پێشاندانی تەرمی ئەوانەی قەندیل لەبەردەم میللەتی خۆماندا ئەرکی سەر شانمانە"!

ئەو لێدوانە هەروا لە خۆڕا نەهاتووە، چونکە مێژووی کۆماری تورک وەک دەوڵەت پڕە لە ڕووداوی کوشتنی مرۆڤی کورد و پاشان نمایشکردنی تەرمەکانیان بۆ ترساندنی کورد و بۆ بەرزکردنەوەی ورەی سەربازەکانیان.

جیاکردنەوەی سەری ڕەشۆیێ سلۆ و زەینۆی هاوسەری و یادۆ ئاغای دیاربەکر و عەلی شێر و نمایشکردنیان لە گوند و شارەکانی کوردستان ،تەنیا مشتێک لە خەرمانی ئەو مێژووە ڕەش و پڕ لە قین و تۆقاندنەیە. ئەمەی لای خوارەوە بابەتێکە چەند ساڵێک لەمەوبەر ئامادەم کردووە و هەر جارێک کە دەیخوێنمەوە، تەمێکی تێکەڵ لە خەم و تووڕەیی بینایی ڕوحم تەڵخ دەکات...

---

## ڕەشۆیێ سلۆ... خوولە پیزەکەی دامێنی چیای ئاگری!

سەدات ئولوگانا ڕۆژنامەنووس و فیلمسازێکی گەنجی باکوری کوردستانە و بەشێوەیەکی سەرەکی لەسەر کۆمەڵکوژیی زیلان کار دەکات کە ساڵی 1930 پاش تێکشکاندنی شۆڕشی ئارارات لەسەردەستی سوپای کۆماری تورکیا ئەنجام درا و زیاتر لە 15 هەزار کوردی تێدا کوژرا. ئولوگانا وەک ڕۆژنامەنووس و توێژەرێکی لێهاتوو بە دوای دوایین بینەرەکانی کۆمەڵکوژیی زیلاندا گەڕاوە و ئەنجامی کارەکانیشی بریتین لە دەرهێنانی فیلمێکی بەڵگەنامەیی بە ناونیشانی "زیلان–دۆڵی خوێن" و چەند کتێبێک و زنجیرەیەک وتاری نایاب کە بە زمانی تورکی لە ڕۆژنامە و ماڵپەڕە تورکی زمانەکاندا بڵاوی کردوونەتەوە. لە یەکێک لە کتێبەکانیدا (ڕاپەڕینی کوردیی ئاگری و کۆمەڵکوژیی زیلان–1926–1931)، چۆنیەتیی کوشتنی شەڕڤانێکی ناوداری کوردی ئەو سەردەمە بە ناوی ڕەشۆیێ سلۆ و زینۆ خاتوونی هاوسەری دەگێڕێتەوە. ئەوەی وای کردووە نووسەر بە دوای چیرۆکی ئەو جەنگاوەرەدا بگەڕێت، پەیداکردنی کۆمەڵێک وێنەی سەردەمی کۆمەڵکوژیی زیلانە و لە یەکێک لە وێنەکاندا تەرمی ڕەشۆیێ سلۆ بەدی دەکرێت کە ڕاستەوخۆ دوای کوژرانی ناوبراو گیراوە.



کاتێک ئەو چیرۆکەم لە کتێبەکەی ئولوگاندا خوێندەوە، داستانی خوولە پیزەی لای



یەکەم کۆمەڵکوژیی کورد لە سەدەی بیستەمدا خۆمانم بیرکەوتەوە و ئەوەم بەخەیاڵدا هات کە بەدرێژایی سەدەی بیستەم قارەمانی زۆر لە پارچەکانی کوردستاندا هەڵکەوتوون، بەڵام لەبەر زۆر هۆکاری وەک جیاوازیی زاراوە و شێوەی نووسین و پەرتەوازەیی نەتەوەی کورد ناو و ناوبانگی هەندێک لەو قارەمانانە سنووری ناوچەکانی خۆیان یان پارچەیەکی کوردستانی تێنەپەڕاندووە. ئامادەکردنی ئەم بابەتە هەوڵێکە بۆ ناساندنی ڕەشۆیێ سلۆ بە خوێنەری ئەم شێوە زاراوەیەی کوردی و وەفایەکی بچووکە بۆ ڕەشۆ و زەینۆی هاوسەری و سەرجەم قوربانییەکانی دۆڵی زیلان کە بە تاوانی کوردبوونیان بە دڕندەترین شێوە کۆمەڵکوژ کران. حوزەیرانی ساڵی 1930 چیای ئاگری گڕی گرتبوو. سەربازەکانی ڕێکخراوی خۆییبوون بە فەرماندەیی جەنەراڵ ئیحسان نووری پاشا لە شەڕێکی سەختدا بوون لە دژی سوپای تورک. سەرجەم ئەندامانی خۆییبوون سوێندی خۆیان خواردبوو: "هێڤی وەندا نەکن. کوردستان وێ ئازاد ببە ئو میللەتێ کورد وێ بەختیار ببە. ڤێ گۆتنا باڤ و کالان ژ بیر مەکن: بەختێ ڕۆمیان تونەیە..." لە هەمان کاتدا لە گوندەکانی دۆڵی زیلانیش جمووجوڵ دەست پێدەکات و سوپای تورک هێزێکی زۆر ڕەوانەی ناوچەکە دەکات. جەنەراڵ ئیحسان نووری پاشا هەواڵێک بۆ سەربازەکانی خۆی دەنێرێت و داوایان لێ دەکات ڕۆژی 4 تەمووز دەست پێ بکەن و دەڵێت: "بەهەر شێوەیەک بووە، لە هەموو شتێک ئاگادارمان بکەنەوە..." هێشتا 19 حوزەیران بوو و ئاگری ئاگای لە هیچ هەواڵێک نەبوو. 507 خێوەت لە دامێنی چیای قەشقە هەڵدرابوون، 10 لە خێوەتەکان پڕ بوون لە تفەنگی مارکەی مەکاری و فیشەک. خێوەتەکانی تریش شوێنی حەوانەی جەنگاوەرانی کورد بوون. ئێوارەی ڕۆژی گەیشتنی فەرمانەکەی جەنەراڵ ئیحسان نووری پاشا، جەنگاوەرانی سوارەی کورد لەبەرەوە لە دۆڵی زیلان کۆبوونەوە. هەردوو دەستەی شەبابێ مستۆ و بەکرێ قولیخان ڕوویان لە چاکربەگ کرد. ئەو ڕۆژە سەرەتای ڕاپەڕینی زیلان بوو کە لە گوتاری فەرمیی تورکیادا بە "یاخیبوونی زیلان" ناودەبرێت. جەنگاوەران پابەندی فەرمانی جەنەراڵ ئیحسان نوری پاشا نەبوون و چاوەڕێی ڕۆژی 4 تەمووزیان نەکرد و ڕۆژی 19 حوزەیران، واتا لە وەختێکی

# دۆڵی زیلان لێوانلێو بووە لە جەستەی کوژراوان

ناوەختدا دەستیان دایە پەلامار و ڕاپەڕین. شۆڕشگێڕانی کورد لە چاکربەگ و حەسەن ئەڤدال و نۆرشات پەلاماری تابوری 15ی جەندرمەیان دا و پاش ئەوەی ئەو تابورەیان بەتەواوی لەناوبرد، ئەمجار گەمارۆی ئەرجیش-یاندا. شۆڕشگێڕەکان فڕۆکەخانەی سەربازیی ئەرجیش و چەند گەڕێکی شاریان ڕزگار کرد. بەڵام هێزی چەکداری تورکمانەکانی شار بە فەرماندەیی دوو برا بە ناوەکانی ئیدریس و سلێمان ئەردینج بەرەنگاری شۆڕشگێڕانی کورد بوونەوە و بەوەیش ڕەوتی ڕووداوەکان گۆڕا. لە وان-ەوە هێزی پیادە گەیشت و لە فڕۆکەخانەی ئاگری-شەوە فڕۆکەی جەنگی هەڵسان و لە پای ئەوە جەنگاوەرانی کورد ناچار بوون، لە ئەرجیش و پانتۆس و مورادییە بکشێنەوە و بەوجۆرە نەتوانرا دۆڵی زیلان بخرێتە سەر کۆماری کوردیی ئاگری. لە هەموویشی خراپتر، سەرکردایەتیی شۆڕش لە ئاگری لە سەرجەم ڕووداوەکان بێ ئاگا بوو. لە ئەنجامدا نرخی ئەو بێ ئاگاییە زۆر گران لەسەر کوردەکان کەوت. جەنگاوەرانی کورد لە کشانەوەیاندا ڕوویان لە دۆڵی زیلان کرد. دەوڵەت لە ئەنقەرە و شارەکانی تری تورکیاوە هێزێکی زۆری سەربازیی ڕەوانەی زیلان کرد. ڕەوە فڕۆکە لە فڕۆکەخانەی ئەرجیش-ەوە هەڵدەستان و لەسەریەک ناوچەکەیان بۆردومان دەکرد. بەگشتی 80 گوند سوتێندران و هەموو دەروازەکانی دۆڵی زیلان لەلایەن سوپای تورکەوە داخران. هێزەکانی سوپا بەتەواوی شارەزای ناوچەکە بوون، بۆیە لە ڕۆژانی سەرەتادا زیاد لە 1000 شۆڕشگێڕی کورد کوژران. بەشێک لەخەڵکی ئاواییەکان چووبوونە کوێستانەکان و هەندێکی تریش ڕوویان لە چیایەکان کردبوو. بڕیاری سوپا ڕوون و ئاشکرا بوو: نەهێشتنی هیچ ڕوحلەبەرێک لە دۆڵی زیلاندا... بەبیانووی سازدانی سەرژمێرییەوە بەشێکی زۆر لە کوردی کوێستانەکان گەڕانەوە و هەموویان گوللـەباران کران. عوبێد فیدانی تەمەن 94 ساڵ کە ئێستا لە گوندی جەرگەشینی وان دەژی، بە سەدات ئولوگانی گوتووە: "...ئەو کاتەی لە کوێستان هاتینە خوارەوە، سەربازەکانی تورک تەقەیان لێکردین. بەڵام لەبەرئەوەی لە دۆڵێکی قوڵدا بووین، فیشەکەکان کورتیان دەهێنا و پێمان نەدەگەیشتن. وەلێ فیشەکێک بەرساڵحی تەمەن چوار ساڵی کوڕی نازێ کەوت و کوشتی. ساڵح بە کۆڵی دایکییەوە بوو. تەرمی منداڵەکەمان لەوێ بەجێهێشت و هەڵهاتین. نازێ لە تەمەنی 87 ساڵیدا لە ئاوارەیی مرد. بەڵام تا مردیش، حەسرەتی ساڵح لە دڵیدا بوو"... یوسف مەزهەری یەکێک لە پەیامنێرەکانی ئەو سەردەمەی ڕۆژنامەی "جمهورییەت" لە دۆڵی زیلانەوە زنجیرەیەک هەواڵ و ڕاپۆرت بۆ ڕۆژنامەکە دەنێرێت. یەکێک لە هەواڵەکان کە لە ژمارەی ڕۆژی 16 تەمووزی ساڵی 1930 لە ڕۆژنامەی ئاماژە بۆ کراودا بڵاوکراوەتەوە، بەمجۆرە دەست پێدەکات: "خاوێنکردنەوە دەستی پێکرد. ئەوانەی لە دۆڵی زیلان بوون، بەتەواوی لەناوبران. تەنانەت تاکە کەسێکیشیان لێ ڕزگار نەبووە. ژمارەی ئەو چەتانەی کە لە دۆڵی زیلان لەناوبراون، لە 15 هەزار کەس زیاترە. تەنیا کوژراوەکانی بەردەم یەک مەفرەزە بە 1000 کەس دەقەبڵێندرێت. 5 هەزار چەتەی دۆڵی زیلانیش خۆیان بەدەستەوە داوە. شەڕی ئەوێ بەشێوەیەکی زۆر سەرنجڕاکێش کراوە. دۆڵی زیلان لێوانلێو بووە لە جەستەی کوژراوان." کوژرانی ڕەشۆ و زینۆی هاوسەری


Temizlik başladı
Zeylân deresindekiler tamamen imha edildi
Bunlardan tek bir kişi kurtulmamıştır
Ağrı'da harekât devam ediyor
Ankara 12 (Telefonla)— Son malûmata göre Erciş, Süphan dağı ve Zeylân deresi havalisinde temizlik tamamen bitmiş, eşkiyanın

وەک لە ڕاپۆرتە ڕۆژنامەوانییەکانی ئەو ڕۆژگارەدا هاتووە، هەندێک لە گوندنشینەکان پەنایان بۆ شاخەکان بردووە و لە ئەشکەوتەکاندا خۆیان حەشارداوە. ئەمانە جاروبار لە چیا دابەزیون و گورزی توندیان لە هێزەکانی سوپای تورک وەشاندووە. یەکێک لەوانە پیاوێکی جوامێر بووە بە ناوی ڕەشید بەگی سلێمان بەگ.

لە ناو کرمانجاندا و لە ڕووی خۆشەویستییەوە ڕەشید بۆ ڕەشۆ و سلێمان بۆ سلۆ کورت دەکرێتەوە. ڕەشۆ یەکێک بووە لە بەشدارانی شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران لە ساڵی 1925دا. دوای تێکچوونی شۆڕشی شێخ سەعید، ڕەشۆ و کەسوکاری دەستگیر دەکرێن و بڕیار دەدرێت بۆ ڕۆژئاوای تورکیا دوور بخرێنەوە. بەڵام ڕەشۆ ئەو چارەنووسە ڕەت دەکاتەوە و خۆی دەگەیەنێتە ڕیزی چەکدارەکانی بەکرێ قولیخان لە دامێنی چیای ئاگری. زەینۆ (زەینەب)یش لە شەڕ و ئازایەتیدا خۆی لە قەرەی ڕەشۆی هاوسەری داوە. لە پاش سەرکوتکردنی شۆڕشی ئاگری لە هاوینی ساڵی 1930دا، ڕەشۆ و هاوڕێکانی تا زستانی ساڵی 1931 بە چیایەکانەوە دەمێننەوە. لەو ساتە بەدواوە برسێتی ڕوویان تێدەکات. لەبەرئەوە ڕەشۆ، زەینۆ و دوو برای زەینۆ و هەندێک لە خزمەکانی لەگەڵ خۆی دەبات و دەچنە ناوچەی دەڤەتاشی نزیک لە چیای تەندوورەکی ناو سنووری پارێزگای ئاگری. ڕەشۆ یەکێک بوو لەو چەکدارانەی کە لە میانەی ڕاپەڕینی ئاگریدا هێرشیان بردبووە سەر سەربازگەی ناوچەی چاکربەگ. هێزەکانی سوپای تورک بە هەبوونی ئەو لە ناوچەی دەڤەتاش دەزانن و بەهاوکاریی هێزی میلیس (چەکدارە کوردەکانی هاوکاری دەوڵەتی تورک) ڕوو لە ناوچەکە دەکەن. پاش چەند سەعاتێک شەڕ، تفەنگەکەی ڕەشۆ لە کار دەکەوێت و ناچار خۆی بەدەستەوە دەدات. هیچ باکی لە دوژمن نابێت، بەڵام خەمی زەینۆی دەبێت، بۆیە لەگەڵ سەربازەکاندا ڕوو لە ئەشکەوتی شوێنی مانەوەی زەینۆ دەکەن. شوکری ئیبراهیم بەگ ناوێک کە لەو ڕۆژگارەدا میلیس بووە، بە ڕەشۆ دەڵێت: "ڕەشۆ، با بڕۆین و زەینۆیش خۆی بەدەستەوە بدات. دەستتان لێ نادەم." ئیبراهیم بەگ دەڵێت: "ڕەشۆ لە پێشەوە و ئێمە لە دواوە ڕوومان لە ئەشکەوتی شوێنی خۆحەشاردانی زەینۆ کرد. زەینۆ هەستی بە نزیکبوونەوەمان کرد و ئێمەی فیشەکباران کرد. ڕەشۆ خۆی پێ ڕانەگیراو و هاواری کرد: (زەینۆ، منیان گرت. ئیدی بێسوودە. خۆت بدە بە دەستەوە...) زەینۆ لە وەڵامدا گوتی: "ئەی مەگەر تۆ نەتدەگوت من لە بنەماڵەی ئەمەرم، بشمرم خۆم بەدەستەوە نادەم؟! چی ڕووی دا، بۆچی خۆت ڕادەست کرد؟) ڕەشۆ لە وەڵامدا گوتی: "زەینۆ، من خۆم بەدەستەوە نەدا. تفەنگەکەم ناپاکی لێم کرد. دەتەوێت بێ من شەڕ بکەیت؟)... دوای ئەو قسانە زەینۆ لە ئەشکەوتەکە هاتە دەرەوە و تفەنگەکەی فڕێدایە سەرزەوی". ئیبراهیم بەگ دەڵێت: "زەینۆ، بڕوانە خۆت و مێردەکەتم دەستگیر کرد. ئێستا پێم بڵێ من جوامێرم، یان ڕەشید بەگی مێردت؟" زەینۆ بە پێکەنینەوە دەڵێت: "تۆ تەنانەت بە سەگی ڕەشید بەگیش نابیت. دەزانم دەمانکوژیت. تفەنگێک بدە ڕەشید بەگ، با بیست هەنگاو دووربکەوینەوە، ئەوسا تەقەمان لێ بکە. سەدان سەرباز و میلیس لە ژێر فەرمانی تۆدان و دەوڵەتێکیشت لە پشتە. مێردەکەی منیش تەنیا یەک تفەنگی هەیە، ئەویش ناپاکی لێ کرد." پیاوەکانی ئیبراهیم بەگ لەوێدا ڕەشۆ و زەینۆ دەکوژن. پاشان سەریان لە جەستەیان جیادەکەنەوە و گوند بە گوند دەیانگەڕێنن. وەک لە وێنەکەدا دیارە، خوێن بە دەمی ڕەشۆدا هاتووەتە خوارەوە. دەستێک جلوبەرگی جوان و گرانبەهای قوماشی ئینگلیزی لەبەردایە کە باوەڕ دەکرێت لە ئێران کڕدرابێت. ڕووخساری خاوێنە و قژی شانە کراوە. پاش ئەوەی سەری لە جەستەی جیا دەکەنەوە، بە پارچەیەکی پەڕۆ قژی دەبەستن بۆ ئەوەی ڕووخساری دانەپۆشێت و هەموو کەسێک بیناسێتەوە. سەربازەکانی تورک پێشتر لە بەشیری هەمان شتیان بەسەر یادۆ ئاغا هێنا و دواتریش لە دەرسیم بەهەمان شێوە سەری عەلی شێریان لە جەستەی جیاکردەوە. سەدات ئولوگانا لەبارەی وێنەکانی ڕەشۆ و کۆمەڵکوژیی دیلانەوە دەڵێت: "ئەم وێنانەی دەستم کەوتوون، بەتەنیا ئاماژە نین بۆ کوژرانی ڕەشۆ، بەڵکو هەمان کات بەڵگەنامەی کۆمەڵکوژییەکی سەرتاسەرین. بەڵام بە کوژرانی ڕەشۆ، داستانی ئەو کۆتایی پێ نەهات. شاکیرۆی دەنگبێژ بەسەرهاتی ڕەشۆی کرد بە بەیت و گۆرانی و لەو ڕێیەوە نەمریی پێ بەخشی"...

سەرچاوە: لە ئامادەکردنی ئەم بابەتەدا سوود لەم کتێبە وەرگیراوە :

ڕاپەڕینی کوردیی ئاگری و کۆمەڵکوژیی زیلان (1926-1931)،

سەدات ئولوگانا، وەشانخانەی پەری، ئیستانبوڵ 2010، (بە زمانی تورکی).

# 13خاڵی ئەفسانەیی مەزن لەبارەی مانگەوە.... نوسینی موزەفەر عەزیز - ئەڵمانیا

هەرچەندە ئەم نوسینەی هاوکارمان کاک موزەفەر عەزیز، نۆڤمبەری ساڵی ٢٠١٦ نوسیویێتی، دەربارەی مانگگیرانی ئەو کاتە، لە ڕووی زانستییەوە گفتوگۆی زیاتر هەڵدەگرێت، زیاتر لە ڕووی ئەفسانەیی و دابونەریتی گەلانەوە بەلامانەوە گرنگ بوو بڵاوبکریتەوە، ڕەنگە لە کوردەواری خۆشماندا هەندێ بیروڕای وا هەبن، بە باشمانزانی جارێکی دیکە بڵاوی بکەینەوە. تاراوگە



دیارە سەبارەت بەپەیوەندی مانگ ومرۆڤ زۆر گوتراوە و نوسراوە، ئەمەش نەک هەر لەڕووی زانستییەوە، بەڵکو لەناو ئایین و ویژەو هونەریشدا مانگ جێگای تایبەتی بۆ وێناکراوە، (مانگی یەکشەو بۆیە دایم... ی کەمالی و ئەی مانگ من و تۆ هەردوو هاودەرین... ی فایەق بێکەس و مانگی بەجێماو لەسەفەری شەو، زەردە لەترسی قاسپە قاسپی کەوی گۆران) دەکرێ چەند نمونەیەکی جوانی باسەکەبن، لەژێر ڕۆشنایی بابەتی پێشوو و( ڕۆژی مانگ) کەدەکاتە ئەمڕۆ دووشەممە، فەرمون بۆ روونکردنەوەی گرنگترین خاڵەکانی مانگی چواردە یا مانگی پڕو کۆتایی مانگ و( سوپەرمانگ) و کاریگەرییەکان و ڕاستی و ناڕاستی هەندێ پرسیاری باوی پەیوەست بەم باسە-:

1- سوڕی مانگانەی خانمان بەگوێرەی ئاڕاستەوماوەی مانگ دیاریدەکرێت....راست نییە! قۆناغی پڕبوونی هەیڤ 29,5 رۆژ دەخایەنێت،بەڵام بەگشتی سوڕی مانگانەی خانمان(28ڕۆژە)،ئەمە لای مێینەی مشک (5)ڕۆژەو لای مانگا (21)ڕۆژەو لای شیمپانزە( 37)ڕۆژەو جۆرێکیتری مەیمون کەناوی (بۆنۆبۆس)ە (45)ڕۆژە،لێرەدا مانای وایە کەهیچ پەیوەندییەکی بەمانگەوە نییە .

.2- لەمانگی چواردەدا مشک وهاوشێوەکانی لەناو کونەکانی خۆیاندا دەمێننەوە....بەڵێ ڕاستە!شەمشەمەکوێرە لەشەوی مانگی پڕدا لەهێلانەکانیاندا دەمێننەوە. بەڵام ئەمە هیچ پەیوەندییەکی ئەفسانەیی نییە،بەڵکو هۆکار ئەوەیە، ئاژەڵە بچووکەکان لەلایەن ڕاوچییەکانیانەوە زووتر دەبینرێن، بۆیە باشترە خۆیان بشارنەوە، تا نەبنە نێچیرێکی سوک و هاسان.

3- مانگی چواردە خەو دەزڕێنێ....نیوەی ڕاستە!تا ئێستا هیچ پەیوەندییەکی زانستی لەنێوان مانگی چواردەو خەوزڕان دیارینەکراوە،بەڵام زانایان لەزانکۆی بازل ساڵی 2013لە(تاقیگەی خەو)دا لێکۆڵینەوەیەکیان کرد، بەڕاستی گەیشتنە ئەنجامێکی تەواو، کەچوونە نێو قۆناغی قوڵایی خەوتن لەدەمی مانگی چواردەدا 30٪کورتر دەبێت.رەخنەگرانیش هوکاری ئەمە بۆ شوێنەکەو تاقیگەیخەوەکە دەگێڕنەوە.

4- مانگ کاریگەری لەسەر گەشەکردن و زیادبوونی قژ هەیە....
ڕاستە،هەوادارانی مانگ وادەڵێن،بڕوایان وایە کەقژ بەگەورەبوونی مانگ بەهێزترو زووترگەشە دەکات، بۆیە لەمانگی چواردەدا قژیان دەتاشن.چونکە لای سەرتاش باشتر ئارایشت دەکرێن وماوەکەشی زیاتر دەبێ.ئەمڕۆ مانگ پڕەو ئاهەنگی سەرچاکردنە!.

5.گورگ بەمانگ لورین.....راستە!ئاسۆ و شەوێکی چالاک بەردەوام وادەکات سەرلەئێوارە گورگ بلورێنێت و تا بۆیەکتری بگوازنەوەو سەرنجی دەوروبەریش راکێشن،هەر کات بەری ئاسۆ روناکتر بێ و شەو لەدەرەوەبن،ئەوا ئاژەڵان چالاکتر دەبن- ئەمەش دەنگ وهاواریان زیاتر دەکات.

6- نەشتەرگەری بەمانگی چواردە زۆربەیجار سەرکەوتوو نابێت.....راست نییە!لێکۆڵینەوەش ئەمەی پشتڕاست کردۆتەوە،کە دەکرێت لەهەر رۆژو قوناغێکی مانگدا نەشتەرگەری بکرێ و وپێویست ناکات پێش ودوابخرێت.

7.لەمانگی پڕ دا زۆربەی خەڵک خەمبار دەبن.......راست نییە!لێکۆڵینەوەیەک کە لەسەر 700نەخۆشی خەمۆکیی ئەنجامدراوە لەساڵی 1971بۆ 1988کراوەو لەپزیشکەکانیشیان پرسیارکراوە ئاکام: هیچ پەیوەندییەکیان بەیەکەوە نییە.

8 – کاتێ مانگ پڕ دەبێ ،حاڵەتی سەرئێشە روودەدات. راستە!زانایان لەکۆلێژو زانکۆی لەندەن،پشکنینیان لەسەر زۆرترین حاڵەتی ژانەسەرکردووە لەکاتی جیاوازو پەیوەندیی بەمانگەوە دەرکەوتووە:ژمارەی حاڵەتەکان دەگەنە ڕێژەیەکی قووڵ،گەر بێت مانگ بەشێوەیەکی تایبەت بدرەوشێتەوەو روناک بێت.لێکۆڵەروان گومانی ئەوە دەکەن کە پەیوەندیی بەهۆڕمۆنی (میلاتیۆن)ەوە هەبێت ، کەلەشەواندا دەڕژێت.

.9- لەسەرەمانگاندا منداڵی زۆرتر لەدایک دەبن......لەوانەیە راست بێت! مامان وپزیشکەکانی خانمان ئەوانەی چاودێری ژنان دەکەن لەکاتی منداڵبوونی سروشتیدا،دەڵێن هەمیشەو بەردەوام کەمێک دوای مانگی چواردە منداڵ زۆرتر دێنەسەر دنیا، بۆ ئەمەش بەهیچ شێوەیەک بەڵگە تنەیە.

10- لەمانگەشەودا لافاو روودەدات.....بەڵێ ڕاستە!مانگ کاریگەری بەسەر هەڵکشان و داکشان هەیە، جا گەر بێت و لەزەوی نزیکتر ببێتەوە، ئەوا هێزی راکێشانی زۆرتر دەبێت. رەنگە لەسوپەرمانگدا هۆکاری زۆر هەبێ بۆ لافاو .

11- لەمانگی تەواودا میوەڕنین تامیان خۆشترە.....راست نییە! لایەنی کەم بەڵگەی زانستی لەبارەوە نییە، کەمانگ هەژموون و ڕۆڵی بەسەر میوەڕنینەوە هەبێت، بەڵام بەهەرحاڵ جوتیار هەیە لەئەڵمانیا بۆنموونە (سێوی مانگ)پێشکەش دەکەن .


.12مانگی چواردە چالاکی ئەو کەسانە زیاتر دەکات، کەلەخەودا دەڕۆن....وا نییە! ئەوانە لەهەموو قۆناغەکانی تری مانگدا ئەوکارە دەکەن، بۆیە پەیوەندییەکی لەو جۆرە دیارینەکراوە .

13- لەسەرەمانگاندا ئارەزووی سەرجێی زیاد دەبێت.....رەنگە وابێت! گەورەیی وپڕی مانگ بەرەوهەست و بیرکردنەوەمان دەبات. هەروەها لەهەر دوو ئافرەتدا ئافرەتێک سەختیی رووی تێدەکات، کە لەمانگی چواردەدا بتوانێ بخەوێت،رەنگە ئەمشەو هەندێک دووچاری ببن.....لەبەر چی و لەکوێ و بۆ ئەم پرسیارانە دەکرێن ؟

ئەم زانیاریانەم لە ڕۆژنامەی (بیلدو دێرتاگس شپیگل)ەوە وەرگرتووە، لەبارەی مانگی چواردە، بەگشتی و ئەمڕۆی (سوپەرمانگ) و ئەو بیروبۆچوونانەی لەو ڕووەوە هەیە نیشانم داوە، بۆیەش ئەوڕۆ، چونکە لەباتی 384400 کم دووری مانگی ئاسایی لەزەوی، ئەمڕۆ نزیکتر دەبێتەوە بۆ 356536کم ئەمەش وا دەکات 14٪گەورەتر دەرکەوێت، لەئەڵمانیا دەکرێ کاتژمێر17:30سەیر بکرێت و دەشتوانن بەتەلەفونی دەستیی وێنەی بگرن،بەڵام بێ فلاش،ئیتر تا 2034 مانگتان باش!

# چەند هەواڵێکسی ئەدەبی و هونسەری لە تاراوگسسە

## پێشەنگای شێوەکاری هونەرمەند ئیحسان موحیێدین کەرکوکی لە شاری ئەمستردام



لە ڕۆژانی 17–11–2018 تا 11–01–2019 لە هۆڵی قاوەخانەیCafé Bern لە سەنتەری ناوەندی شاری ئەمستردام، پێشەنگایەکی هونەری شیوەکاری تایبەت بە تابلۆکانی هونەرمەندیی شیوەکار و شانۆگەری کورد ئیحسان موحیێدین کەرکوکی، کراوەتەوە، داواکارین لە هونەردۆستان سەردانی ئەم کارە نایابانەی کاک ئیحسان بکەن و لە نزیکەوە، هونەری بەرزی ئەم هونەرمەندە کوردە ببینن..

## پێشەنگای شێوەکاری هونەرمەند کاروان عەبدوڵڵا لە گەلەری galerie10bij10 لە باکوری هۆڵەندا




ناونیشان و شیوازی پەیوەندی کردن لەسەر فۆلدەرەکە نوسراوە، پێشەنگاکە لە ڕۆژانی سەممان و یەکشەممان 02–12–2019 دەکریتەوە تا 06–01–2019 بەرداوام دەبێت کات .13:00 tot 17:00 uur

پەیوەندی بکە بەم ژمارە تەلەفۆنەوە: 0655374588

## یانەی کوردی "میدیـــا" کۆڕێک بۆ نوسەرانی کتێبی "ئێمە پێشمەرگەین لە باوکەوە بۆ کوڕ" سازدەکات لە شاری دەنهاخ ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی

2018/11/25




یانەی کوردی "میدیـــا"لە هۆڵەندا، بانگێشتان دەکات، بۆ ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی 25–11–2018 کات 14:00 ی دووی پاشنیوەڕۆ، لە شاری دەنهاخ بۆ ئامادەبوونتان لە کۆڕێکی ڕۆشنبیری دەربارەی کتێبی "ئێمە پێشمەرگەین لە باوکەوە بۆ کوڕ" لە نوسینی بەڕێزان سیروان مارف و بارام میرۆ، کە تێیدا باوک و کوڕ لەو بەیەکگەیشتنەدا، بەدیدارتان شاد دەبن و تیشک دەخەنە سەر چۆنێتی نوسینی کتێبەکەیان، کە تا ئێستا بەهەردوو زمانی هۆڵەندی و فەڕەنسی بڵاوبۆتەوە. لەم کۆڕەکەدا گفتوگۆ لە گەلێک تەوەر دەربارەی ناوەڕۆکی کتێبەکە دەکرێت، لەم ناونیشانەی خوارەوە:


Melkwegstraat 2, 2516 AJ Den Haag

بە هۆی ئەم ئیمەیڵ و ڤایبەر و ژمارە تەلەفۆنانەوە، دەتوانن پەیوەندی بکەن: ئیبراهیم عەلی سەعید: 0645262337، مەبەست جەعفەر: 0683826334 و سەردار فەتاح: 0684950807 یان ئیمەیل ئەدرێسی "میدیـــا": kvn.midia@gmail.com

## پێشەنگای شێوەکاری هونەرمەند پرشنگ وەرزەندگان لە گەلەریەکەی خۆی لە شاری ئەنیشخدەی ڕۆژانی 23 و 24 و 25 نۆڤێمبەر



## هەر جارەی هونەرمەندێکی کورد



### ئیحسان موحیّدین

هونەرمەندی شانۆکار و شێوەکار، ئیحسان موحیّدین لە ساڵی 1965 لە شاری کەرکوک لەدایک بووە، لە دوای جەنگی کەنداوەوە، ئاوارەی تاراوگە بووە و لە شاری ئەمستردام نیشتەجێ بووە، لە ساڵی 2000 ەوە خاوەنی دەزگایەکی شانۆو نواندن و سینەمایە، بە ناوی (Kelderlicht). جگە لە کاری هونەری شێوەکاری، لە بواری شانۆ و دەرهێنان و سیناریۆ نوسیندا، کاری کردووە، گەلێک بەرهەمی شانۆگەری و هونەری پێشکەش کردووە، ساڵەکانی 2006 و 2007 و 2014، لە شاری ئەمستردام و زۆربەی شارەکانی هۆڵەندا شانۆگەرییەکانی نمایش کراوە و پیشانگای شێوەکاری کردۆتەوە.

هونەرمەند ئیحسان موحیّدین لە ئێستادا پێشەنگایەکی شیوەکاری لە شاری ئەمستردام کردۆتەوە، لە قاوەخانەی Cafe Bern لە ڕۆژی17 نۆڤێمبەر تا 11 جەنیوەری بەردەوام دەبێت.. لەم ناونیشانەی خوارەوە:

Nieuwmarkt 9
1011 JR Amsterdam


بۆ زانیاری زیاتر لەسەر کارە هونەرییەکانی بڕوانە ئەم لینکە:


https://www.facebook.com/photo.php?fbid=10215880410097644&set=a.3939114030778&type=3&theater

یان

http://www.cafebern.com/ishan/








## تـــاراوگـــە

بڵاوکراوەیەکی کوردیی هەواڵی ناوبەناوە، بەشێوەی ئەلکترۆنی لە هۆڵەندا بڵاودەبێتەوە.

TARAWGA



E–mail : sardarfatah@live.nl

HOLLAND –Amsterdam
Mob& Viber& WhatsApp: +31684950807